سەرۆک کۆمار گەیشتە ریازی پایتەختی سعودیە

عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار ئەمڕۆ شەممە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی لوتکەی عەرەبی و ئیسلامی گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : سەرۆك کۆمار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید گەیشتە شانشینی سعودیە بە بەشداریکردن لە کارەکانی لوتکەی نائاسایی عەرەبی و لوتکەی ئیسلامی لە شاری ڕیاز، بە تاوتوێکردنی هەرش و بەردومانەکانی بەردەوام بە سەر خاکی فەلەستین. ئاماژەی بەوەشکرد: سەرۆك کۆمار لەلایەن جەگری ئەمیری هەرەمی ڕیاز، شازادەی شاهانەی شازادە محەمەد بن عەبدولڕەحمان بن عەبدولعەزیز پێشوازی لێکرا و ئاماژەی بەوەشکرد : سەرۆك شاندك یاوەری بوون کە جەگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران جەبار فریح کینانی و وەسفی عاسی عوبەیدی لەخۆگرتبوو.